# ناودارانی کورد



## میقداد مەدحەت بەدرخان

### پێشەنگی
### ڕۆژنامەوانی کوردی



سالا ئوّلى

کردستان

١٣١٥

بسم الله الرحمن الرحيم

میقداد مەدحەت، لە بنەماڵەی بەدرخانیانە. ئەم بنەماڵەیە، جگە لە خەباتی ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کوردستاندا، خزمەتێکی گەورەیان لە بواری ڕۆشنبیری و سیاسیدا کردووە. لە ڕێی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی دەریان خستوون،ڕۆڵی زۆریان لە گەشەپێدانی زمان و ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە.

میقداد مەدحەت،یەکەمین کوردبووە کە ڕۆژنامەیەکی بەزمانی کوردی دەرکردووە. ناوی ڕۆژنامەکەی (کوردستان) بوو کە یەکەمین ژمارەی لەڕۆژی ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ دا لە قاهیرە دەرچووە و ئەم ڕۆژە بۆتە جەژنی ڕۆژنامەوانی کوردی و هەمووساڵێک لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، ڕۆشنبیرانی کورد بەکۆڕ و سیمینار ڕێز لەو ڕۆژە و پێشەنگی ڕۆژنامەوانی ئەگرن.

(٣١) ژمارە لە ڕۆژنامەی ( کوردستان) دەرچوون کەهەموویان لە دەرەوەی کوردستاندا چاپکراون، چونکە دەوڵەتی عوسمانی ڕێی نەداوە لە کوردستاندا ڕۆژنامەیەک بەزمانی کوردی دەربچێت. شایانی باسیشە کە هەر ٣١ ژمارەی (کوردستان) پارێزراون و چەندین جار چاپ کراونەتەوە.